# یەکنەگرتنەوەی دوو ئیدارەکە وچەند سەرنجێك

## قادر ڕەشید

یەکگرتنەوەی ئەو دوو حیزبە حوکمڕانەی کوردستان لە یەك حیزبدا ، کاریگەرییەکی باشتری ئەبێت بۆ چارەنوسی وڵات و ئاسانکردنی فاکتەری یەکگرتنەوە و ڕزگارکرنی ئەو دوو ئیدارە ناتەواوەی کە خۆیان لە بنەڕەتدا پێکیانهێناوە. هۆی یەکنەگرتنەوەی هەر دوو ئیدارەکە تا ئەم کاتەش بە زۆریی ئەگەڕێتەوە بۆ کەمترخەمیی سەرکردایەتی هەر دوو حیزبەکە و بۆ گەلێك فاکتەری تر. کاربەدەستانی دەستڕۆیشتووی ناو هەر دوو ئیدارەکە ، وای لێتێئەگەن کە لەم یەکگرتنەوەیەدا دەسەڵاتی حیزبایەتی و ئیدارییان تەسك ئەبێتەوە! لەوانەشە دەسەڵات و سامانیان لە دەستبچێت! ئەو کەسانە ئێستا پارێزراون لە لێپرسینەوەی کارەکانیان! زۆربەی ئەمانە لە ڕێگای تەزکییەی حیزبییەوە تەعینکراون ، واتە بوونەتە حیزبیی ، ئەمەش لە لایەن هەر دوو دەسەڵاتەکەوە بڕیاری لەسەر دراوە و ئەوەی نەبێت بە حیزبیی! نابێت بە خاوەنی وەزیفەی حکومیی! ئەمە خۆی لە خۆیدا لاساییکردنەوەی ئەو ڕێبازەیە کە حکومەتی حیزبی بەعسی سوریی و بەعسی گۆڕبەگۆڕی عێراقیی و هەندێك وڵاتانی تر گرتوویانەتەبەر. ئەمەش جۆرە (بەرائەت) و ملکەچپێکردنێکە بە ئەوانەی تەعینئەکرێن! زۆرینەی ئەو کەسانە ئامادەن بە هەر دە پەنجەکانیان حیزبییبوونیان پەنجەمۆر بکەن!

ئەمانە هەرگیز نابن بە کەسانێکی ئیداریی دڵسۆز بۆ حیزب و دابینکەری پێویستییەکانی خەڵك! بۆیە ئەبینین لەو ڕۆژەوە دەنگی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە بە گەرمیی لە ئارادایە ، دیاردەی گەندەڵیی هەر دوو ئیدارەکە لە زیادبووندایە! ئەم دیاردەیەش ناڕەزایی و بێزاریی جەماوەر ئەبزوێنێت لە ئاستی نەبوونی خزمەتگوزارییەکاندا. ڕێژەی مانگرتن و خۆپێشاندانی خوێناویی عەفەوی سەر شەقامەکان و بەرزکردنەوەی یاداشت و بۆڵە و خورتەی ژێربەژێر و نائومێدیی و بێباوەڕیی خەڵکەکەش ڕۆژبەڕۆژ تەشەنەئەکات.

ئەم دوو حیزبە بوونەتە دوو حیزبی ئیداریی بازرگانیی و لایان زەحمەتە دەستکەوتە داراییەکانیان تێکەڵاو بکەن! خۆ ئەگەر بوونە یەك ئیدارە! ئەو دەسەڵاتە حیزبایەتییە حوکمڕانێتییەیان هەر وا نامێنێتەوە! بۆیە نایانەوێت حیزب لە دەسەڵات جیاببێتەوە! پێیان باشە هەر حیزب (دەسەڵات) بێت و یاسای حیزب بەرقەراربێت و بە چ ڕێچکەیەکدا بیانەوێت بیبەن! ئەم دیاردەیەش زۆر بە ئاشکرا و زەقیی لە ئیدارەکانی هەر دوو حکومەتەکەدا بە پەرلەمانیشەوە ، ڕەنگیداوەتەوە. هەروەها ڕاگەیاندنی کەناڵەکان و دەزگاکانی تری ڕاگەیاندنەکانیان ، لەبریی خزمەتگوزاریی هاووڵاتیان بکەن و بچن بەدەنگ کێشەکانیانەوە! بەڵام وەك دیارە ، بوونەتە زمانحاڵی هەر دوو حیزبەکە و چاوپۆشیی و شەرم و بێدەنگییش لە بزوتنەوەی ترسناکی ئیسلامییەکان!

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانەیان بە نەخشەی دوو حیزبەکە ئەچێت بەڕێوە ، کەچی بودجەی دیاریکراویشی لە خەزێنەی حکومەتەوە بۆ دابینئەکرێت! کە موڵکی هاووڵاتییانە!

لە ڕاپەڕینەکەی 1991 وە تا ئەمڕۆ ، لە لایەن ئەو دوو حوکمڕانەوە وڵات نەکراوەتە بنکەیەکی ئابوری ، پیشەسازیی و کشتوکاڵیی ئەووتۆ کە هەر نەبێت ڕێژەی بێکاریی کەمتر بکاتەوە و یاسای کاری ژمارە 50 ی ساڵی 1987ی بەعس بە

بڕگەی 24 و 25 یشەوە بگۆڕڕێت لـە ***یاسای بەعسەوە*** بۆ یاسایەکی گونجاوی پێشکەوتووی ئەووتۆ کە ئاواتەکانی کارگەران دابینبکات!

هەروەها دیراسەیەکی واقیعیانەی گونجاو ، وەك پڕۆژە بۆ دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەی گوندنشینەکان نەکراوە ، لـە پاش گەڕانەوەیان لـە ئۆردوگا زۆرەملێکانەوە بۆ ناو کێڵگەکانیان! وەك پێویست پشتگیرییەکی ئەووتۆ لـە بەرهەمەکانیان نەکراوە کە بتوانن مونافەسەی نرخی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی بازرگانەکانی حکومەتەکانی دراوسێ بکەن کە بازاڕی شارەکانی ئێمەیان کردووەتە بازاڕێکی سوك و ئاسانی سودبەخش بۆ خۆیان! هەر نەبێت کارێکی وا بکرایە کە گوندنشینەکان وەڕس نەبن لـە بێدەرامەتییان و دیسان ڕووبکنەوە شارەکان ، واتە با (تەهجیرێکی) تر بە (شێوازێکی) تر دروستنەبێتەوە! ئەگەر دەوڵـەتێك کەمترخەمیی کرد لـە نەخشە و پلانی دروستی خۆیدا ، ئیتر کۆڵـکە دیموکراتییەکەش وەك سیستمێك سەقامگیرنابێت و کۆنترۆڵـی بازاڕیش لـە دەستئەچێت ، هەر وەك ئێستا کە لـە دەستچووە! بارە سیاسییەکەش باڵانسی نامێنێت و یەکگرتنەوەکەش زەحمەتە ئارامیی بەخۆوە ببینێت و دەنگی بێزاریی و ڕەخنە و ڕاپەڕینی عەفەویی خەڵـکی بێکار و هەژارانیش بەردەوامتر ئەبێت و گەندەڵـیی ، دزیی و جەردەیی ئیدارەکانیش هەر وەك خۆیان ئەمێننەوە و هەموو هەوڵـە چاکسازیەکانیش ئەپوکێنەوە ، ئەوسا یەکگرتنەوەکەش داد نادات!

دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەمان ئەوەندەی بایەخ بە دەستکەوتی باجی سەر سنورەکان و ناوخۆ ئەدەن و کردوویانە بە سەرچاوەی دەرامەتیان! چونکە دەستکەوتێکی مشە و سوك و ئاسان و بێئەرکە و بێ سەرمایەیە! ئەوندە بایەخ بە کارگەیەکی بچوك نادەن کە چەند کرێکارێك لـە خۆ بگرێت و بەرهەمدار بێت!

کادێرە حیزبییە سەرمایەدارەکانیش زیادتر بیر لـە پڕۆژەی خانووبەرە (عقار) ئەکەنەوە! هەر خۆشیان نرخی زەوی و خانوویان گەیاندووەتە ئاستێك کە نرخیان بەرزترە لـە خانووبەرەی وڵاتانی ئەوروپا! ئەو پڕۆژە ئاوەدانییانەی ئەم دواییانەش! لـە (حەسەناتی) کۆمپانیا بێگانەکانەوەیە کە زیادتر لـە بەرژەوەندی خۆیانە!

ئایا ئەو پارە زۆرەی کە لـە ڕێگەی تەندەر و وەزیفە و شەراکەتیان لـە پڕۆژە مەدەنییەکاندا و گەلێك نیعمەتی تر کە دەست کادێرە حیزبییەکان کەوتووە! سامان و موڵـکی حیزبەکانیانە؟ ئایا لـە داهاتوودا ئەیدەنەوە بە حیزبەکانیان و وەك ئیلتزامێکی حیزبیی بۆ ڕۆژی تەنگانە؟

ئەگەر کادێرێك بوو بە خاوەنی سامانێکی وا خەیاڵـیی ، بێگومانە کە نابێت بە کادێرێکی شۆڕشگێر و لـەوانەشە کە شۆڕشەکەش لـەکەدار بکات! وەك نمونەیەکی زیندوو: ئەگەر کادێرێکی حیزبیی دەوڵـەمەند و دەسەڵاتداری ئیداریی لـە ڕووبەڕووبوونەوەی جەماوەرێکی هەژار و لـێقەوماودا کە داوای بژێوی ڕۆژانەیان بکەن و ئەویش لـەپێناوی مانەوەی دەسەڵاتی سیاسی و گەندەڵـیی ئیدارەکەیدا بە گولـلـە و زیندان و لـێدان وەڵامیان بداتەوە! ئەمە خۆی لـە خۆیدا ئەو مانایە ئەگەیەنێت کە کادێرێکی شۆڕشگێڕ نیە و بەڵـکوو ***شۆڕشەکە گێڕ ئەکات!*** ئەم دیاردەیە چەندان جار لـە ئیدارەکانی هەر دوو حکومەتەکەدا ڕوویداوە!

ئەو دوو حیزبە حوکمڕانە تا ئێستاش وەك (گیسکەکەی هەیاسی خاس) لـەگەڵ حیزبەکانی دەرەوەی دەسەڵاتیاندا مامەڵـەئەکەن! دابڕاویانکردوون لـە جەماوەر و شەقامەکانیشیان بەدەستەوە نەهێشتوون و لـە ئەرکە چینایەتییەکانیشیان بێبەرییکراون ، تەنانەت نەیانهێشتووە ببنە خاوەنی ڕێکخراوێکی پیشەیی ، کۆمەڵایەتی و دیموکراتیی ئەووتۆ کە لـە ڕۆژانی سەخت و پێویستدا بۆیان ببنە دیوارێکی ئاگرین کە قەوارە و بوونیان بپارێزن! واتە دابڕاوکراون لـە ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی ئەو هەموو بێزاریی ، ناڕەزایی ، مانگرتن و خۆپیشاندانانەی جەماوەری شۆفێران ، خوێندکاران ،

مامۆستایانی زانکۆ و خەڵکی هەژار لـە شار و شارۆچکەکاندا!

هەر بۆیە ئەبینین لـە ئەنجامی ڕازیبیبوونیاندا بەو بێدەسەلاتییەیان! ئەم حیزبانە لـە هیچ هەڵبژادنێکدا تەنانەت ڕێژەی 1٪ ی دەنگ دابین ناکەن! بوونەتە بیرۆکراتی ئیداریی ناو بارەگاکانیان و تەواوی کادێرەکانیان چاوەڕوانی سەری مانگن ، بۆ وەرگرتنی موچەکانیان! ئەگەر یەك مانگ موچەیان نەدرێتێ! ئەوا دەستەوئەژنۆ لـێیی دائەنیشن و دەرگای بارەگاکانیان دائەخەن و تەنیا تابلـۆی سەر دەرگای بارەگاکەیان بریقەی لـێوەدێت! ئاخۆ تاکەی ئەم حیزبانە هەر وا بەم پەڕوباڵکراوییەوە ئەمێننەوە؟

تۆ بڵێی ڕۆژێك بێت کە ئەو حیزبانە بە پەیڕە و پڕۆگرام و سەرچاوە ئایدیۆلـۆجی و چینایەتییەکانی خۆیاندا بچنەوە و ڕووبکەنەوە جەماوەر!

تۆ بڵێی جارێکی بە هەستێکی چینایەتی و بە سەربەخۆییەکی ئابوری ئازاد و بێمنەتەوە ببینرێنەوە!

تۆ بڵێی جارێکی تر وەك سالانی پێشوو ، گەلـەکەیان بکەنەوە بە سەرچاوەی ئیلـهام ، پەیمان و بڕیارەکانی ناو کۆنگرەکانیان فەرامۆش نەکەن!

بەلام بەداخەوە وا دیارە کە ڕازیبین هەر وەك گیسکەکەی هەیاسی خاس بن!

ئەم ڕێبازەی ئەو دوو حکومڕانەش گرتوویانەتەبەر لـە دەستەمۆکردنی ئەو حیزبانەدا و پێبەندکرنی ئەو ڕێکخراوە پیشەیی ، جەماوەریی و کۆمەلایەتییانەدا و لـەخشتەبردنی کادێران ، نوسەران و بایەخدان بەو کۆنەبەعسییە ئینتیهازییانە و ڕێگەگرتن لـەدامەزراندنی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکانی تر لـە هەردوو ئیدارەکەدا و ...تد ئەگەر وا بزانن کە بە دەمکوتکردن و لاوازکردنی ئەو حیزبانەی دەرەوەی دەسەلات ، دوو حیزبە حوکمڕانەکە خۆیان بەهێزتر و پارێزراوتر ئەبن! ئەوا ئەو (فەلسەفەیە)یان خۆی لـە خۆیدا زیان بە بزوتنەوەی نیشتمانیی و نەتەوایەتی و بە هەر دوو حیزبە دەسەلاتدارەکەش ئەگەیەنێت و ئەبێتە هۆی لاوازبوونی ئاستی ڕۆشنبیریی جەماوەر و دورەپەرێزبوونیان لـە ئاستی ڕووداوەکان و گەندەڵیی ئیداریی و مادیی و قوڵبوونەوەی کێشەکان و زیادبوونی ڕاپەڕینی عەفەویی سەر شەقامەکان و لـەکەدارکردنی دروشمەکانی ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991 کە بە بەشداریی ئەو حیزبانە و جەماوەرێکی مەزنی بێلایەن بەرپا بوو.

ئایا لـە دوای حوکمی فیدراڵیی و پابەندبوون بە یاسای عێراق و یەك ئیدارە و یەك یاسا لـە کوردستاندا! کێشە سیاسی ، ئابوری و گەندەڵییەکانی ئیدارەکان و بەربەرەکانیی و لـەخشتەبردنی ئەم حیزب و ئەو لایەن و دەمچەورکردنی ئەم نوسەر و ئەو ڕۆشنبیر و...تد هەر وەك ئێستا ئەمێنێتەوە؟

گومان لـەوەدا نیە کە لـەژێر ڕۆشنایی ئەم کێشانەدا ، هەر خۆپێشاندانێك ، مانگرتنێك ، کۆڕ و کۆبوونەوە و ناڕەزاییەك دژ بە گەندەڵیی ، کەمترخەمیی و ناتەواوییەکانی سوڵتەی فیدراڵیی و حکومەتەکەی بەغدا ڕوودات ، هەر بە هەڕەشە ، گرتن ، لـێدان و گولـلـە وەلام ئەدرێتەوە! حیزبەکانی تریش هەر وا بێدەنگ و بێهەڵوێست و بێلایەن ئەبن!

ئایا ئیتر لـە داهاتوودا غەلـوغەشی هەڵبژاردنی پەرلـەمانیی و غەیری پەرلـەمانیی ، کۆتایی پێدێت؟

ئایا نەفرەت لـە ففتی ففتی ناو هۆڵی پەرلـەمان ئەکرێت و دیاردەی (بە کۆی دەنگ) لـە ناو پەرلـەماندا بە بەڵێ یان بە نا ، کۆتایی پێدێت؟

پێویستە حیزبەکانی دەرەوەی دەسەلاتیش ئاوڕدانەوەیەکی جیدی لـە سەربەخۆیی ئابوری ، ڕێکخراوەیی ، کۆمەلایەتی و چینایەتی خۆیان بدەنەوە و بە دیراسەیەکی واقیعیانە و بابەتییانەوە ، لـەپێناوی دابینکردنی داوا ڕەواکانی هاوولاتییان و جێبەجێکردنی مادەکانی دەستوری عێراقیی و فیدراڵی کوردستان و کێشەی کەرکوك و کێشەکانی تر لـەگەڵ یەکتردا

بەرنامەیەکی هاوبەشی دروست پەیڕەوبکەن و بشتوانن بوێرانە و سەربەخۆ وەك بەرەیەکی چەپ بە بەرنامەیەکی دروستەوە ڕووبکەنە شەقامەکان ، کێڵگەکان ، کارگەکان ، زانکۆ و قوتابخانەکان ، ئەوسا بەرەو سندوقی دەنگدان بڕۆن.
لە بنەڕەتدا جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە بەجێیانە بە باوەڕ و متمانە و پشتیوانیی جەماوەری ڕەشوڕوتی دڵگەرمی وڵاتەکەمان سەقامگیر ئەبێت.
بەڕاستیی بەکۆیلەکردنی حیزبە دێرینەکان! ئازارێکە و گەیشتووەتە سەر ئێسقان! ئەگەر چی حیزبیش ئەو حیزبەیە کە خەمخۆری ڕاستینەی گەلەکەیەتی و دەربڕ و داکۆکییکەری سەرسەختی ئاوات و ئامانج و پێویستییە ڕۆژانەییەکانی جەماوەری گەلەکەیەتی.
2005-10-7